# لەهەمەدان کۆبوونەوەیێک لەسەر «کەلێنی بەرەیی» بە ڕێوەچو




لەدرێژەی چالاکیەکانی ئەنجومەنی ئەدەبی بەیان زانکۆی بووئەلیسینای هەمەدان کۆڕێک بو هەلەبجە گیرا، فایلی ئەمکۆڕە لەسەرکەلێنی بەرەیی (شکاف نسلی) بوو کەکاتژمێر 10 بەیانی رۆژی چوارشەممە بە بەڕێوەبەری ئەبدولناسرئەحمەدی، لە سەرەتای ئەم کۆڕە داواکرا لە فەرهاد ئەحمەدنژاد بۆخۆێندنەوەی بەیانیەی ئەنجومەنی ئەدەبی بەیان دوایی «دیاری مارف» وتارێکی لەسەر هەلەبجەو کەلێنی بەرەیی بەرلە کیمیاباران ودوای کیمیاباران کردنی هەلەبجەی پێشکەش کرد لەدرێژەی پرۆگرامەکەدا «دوکتور هەزاوەیی» جێگری خوێندکارانی زانکۆی بوو ئەلیسینا وتارێکی لەسەر کوردەکانی ڕۆژهەلات بەر لەشۆڕش و دوایشۆڕشی ئێران وخویندکارە کوردەکانی زانکوی بوو ئەلیو چالاکیەکانیان پێشکەش کرد. بەرنامەی بەیانیبە گۆرانییەک لەلایەن یادگار ئەرجومەندیەوە کوتایی پیٚهات.

بەرنامەی دوای نیوەڕۆکاتژمێر2 بە باسێکلەسەر کەلێنی بەرەیی لەڕوانگەی کۆمەلناسی وئەدەبیات لە لایەن «ئەمجەد خولامی»ەوە پێشکەش کرا، دوای ئەم وتارە مێزگردێک لەلایەن «مەسعود بینەننده» ماستەری کۆمەلناسی و «موحەممەد موەفەقی» شاعیروڕۆژنامەوان ئەبدوناسری ئەحمەدی لەسەر کەلێنی بەرەیی بەڕێوەچوو. دوای ئەم مێزگردە وتارێک لەلایەن دوکتور «حاتەمیحسەینی» مامۆستای کومەڵناسی زانکۆی بووئەلیسینا لەسەر کەلێنی بەرەییلەڕوانگەی گولۆباڵەوە پێشکەشکرا دوای ئەم وتارە کۆتایی پروگرامەکەبە پێشکەشکردنی خەلات لەلایەن بەڕێوبەرانی ئەنجومەن بە بەشدارانی کۆڕەکە کوتایی پێ هات.